## چەند بیرۆکەیەک بۆ پـ

ئیـــش و کاری ڕۆژانـــەی خانمان لە ماڵدا بـــۆ پاککردنەوە و پاکڕاگرتنی ماڵ تەواو نابێت، ئیدی ماندووبوونێکی زۆر دەچێژن، تا دیکۆری ماڵیان بە جوانترین شێوە ڕادەگرن، ماڵیش پێویستی بە پاکڕاگرتنە، تا لە بەرچاوی هەمووان شیاو و بەرچاو بێت، بێجگە لەوەش هەســـتێکی خۆشت پێدەدات کاتێك دەبینی زۆربەی قوژبن و بەشـــەکانی ماڵەکەت جوان و پاکە، چەند بیرۆکەیەك هەن، کە بەسوودن بۆ ئەنجامدانیان لە ماڵەکەت تا هەردەم هەموو بەشێکی ماڵەکەت پاك و جوان و جێی سەرنج بن، لەوانە:

- بۆ پاککردنەوەی زەوی و بەشی خوارەوەی ماڵەکەت، واچاکە هەندێك شەمعی هەنگوین بەکاربهێنێت، بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، ئەنجامێکی شـــیاوی دەبێت، هەروەها دەتوانی سوود لە ڕۆنی زەیتوون وەربگریت.

- بـــۆ پاککردنەوەی هـــەوا و بۆنی ماڵەکـــەت، دەکرێ بۆنداری ماڵ بەکاربهێنیت، یان ئەو پاککەرەوانە بەکاربهێنیت کە بۆندارن.

- پەڵەی ســـەر کاشی و دیوارەکان: بۆ چاسەرەی ئەو کێشەیە، دەتوانی سپرای بەکاربهێنیت، بۆ ماوەی چەند خولەکێك دواتر بە پارچە قوماشێك پاکی بکەرەوە.

- بۆ پاککردنەوەی ئامێری ساردکەرەوە (سەلاجە)، دەبێ هەموو کەرەســـتەکانی بهێنیتە دەرەوە و پاشان پاکی بکەیتەوە، دواتر تا وشك دەبێتەوە، ئینجا کەرەستەکان بخەرەوە ناو سەلاجەکەوە.

- بۆ پاککردنەوەی کەرەستەکانی شووشە، وا باشە سەرەتا هەر





## گونجانی جل و بەرگ بەقەدوباڵا

هەموو خانمێك، حەز بە جل و بەرگی جۆراوجۆر دەکات و هەر یەکەو دۆلابێك جل و بەرگیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا زۆربەی خانمان لە هەڵبژاردن و لەبەرکردنی جلێکی شیاو بۆ خۆیان هەڵە دەکەن. ڕەنگە لە شـــێواز ڕێکخستنی جۆری جلەکەیان لەگەڵ جەستەیان نەزانن. پسپۆڕان لەم چەند ڕێگەیەی خوارەوە، خاڵی لاواز و بەهێـــزی گونجاندنی جـــل و بەرگیان لەگەڵ لەش و لاردا ڕوونکردۆتەوە، تا خانمانیش سوودی لێ وەربگرن و بتوانن جلەکانیان بە جوانترین شێوە لەبەر بکەن:

- ئەو جلانەی بە جەســـتەوە دەنووســـێن: ئەو شێوازە جلەیە کە بە بەدی ناســـراوە، ئەو جۆرە جلە لە کاتێکدا لەش و لارت بە جوانـــی دەردەخات، هەروەها خاڵە لاوازەکەشـــی ئەوەیە کە جەســـتەت قەڵەو و پڕ نیشـــان دەدات، وا باشە جلەکەت بەپێی پێوانەی خۆت بێت.

- بۆ ئەوەی جەســـتەت جوان و ڕێـــك دەربکەوێت، دەتوانی ئەو جلانە لەبەر بکەیت کە هاوسەنگی شێوەی لەش و لارت ڕادەگرن، ئەوانە: کاتێك تەنوورە لەبەر دەکەیت، تەنوورە زیاتر درێـــژی دیارترە لە پانییەکەی، کـــە ئەوەش زیاتر لاوازتر و ناســـکترت دەکات، بەڵام ئەگەر جەســـتەت لاواز و درێژە، ناکرێت تەنوورەی باریك و تەســـك لەبـــەر بکەیت، چونکە شێوازی جوانیت تێکدەدات.

## ...اکراگرتنی ماڵەکەت

کەرەستەیەك پڕ ئاوی گەرم بکەیت، پاشان هەندێك ئەو شامپۆیە بخەرە ناو کەرەستەکان، دواتر ئەگەر دەستت کەوت هەندێك خەل بەکاربهێنە، تەنانەت ئەگەر هەندێك برنجیش دابنێت، ئەنجامێکی گەورەی دەبێت.

- بۆ چارەسەری بۆنخۆشکردنی گەرماو، دەکرێ هەندێك خوێ بە زەویی گەرماودا بکەیت، پاشان کەمێك خەل بە زەوی ژوورەکەدا بکە و پاشان بە ئاوی شلەتێن بیشۆ.

- تــۆز و خۆڵ، بــۆ رزگار بوون لە تۆز و خۆڵ، دەتوانی سەرەتا شوێنەکە تەڕ بکەیت، تا تۆز و خۆڵەکە کۆ ببێتەوە و لە ژێر دەستت نەڕوات، پاشان پاکی بکەرەوە، تا شوێنی دیکە پیس نەکات.



- بنەمــای کــورت و درێژ و پێچەوانــە، ئەمە چاکترین بنەمای پەیڕەوکردنی پۆشینی جل و بەرگە، ئەگەر جلەکانی بەشی ســەرەوەت وەك چاکێت و بەدی و قەمیس، درێژ بوو، با جلەکەی بەشــی خوارەوە وەك تەنوورە و پانتۆڵەکەت تەسك و کورت بێت، چونکە ئەگەر جلی ســەرەوەت کورت و تەسك بوو، جلی خوارەوەش درێژ بوو، جەســتەت بۆ ســێ پارچە جیا دەکاتەوە، بەڵام ئەو بنەمایە بۆ ئەوانە نابێت کە بەشــی جەستەی سەرەوەیان درێژترە.

- هەوڵبــدە زیاتر جلەکانت ســادە و ســاکار بن، چونکە زێدەڕۆیــی لە نەخش و دیزاین لە جل و بەرگدا، دەبێتە هۆی باق و بریقەی زۆر، بەمەش ســەرنجت لە دەســت دەدەیت و جوانیشــت دەکوژێ، گرنگە شانەکانت بە وردی و بچووکی دەربکەون، یان ئەگەر جلێکی ژێرەوەی بەشی سەرەوەت لەبەر کرد، با زیاتر تەنك بێت.

- هاوڕەنگــی و هەمەڕەنگ: دەبێت بزانیت کە گرنگترین بــەش لە هەڵبژاردن و گونجاندنی جل وبەرگ لەگەڵ لەش و لاردا، شێوەی ڕەنگەکەیەتی، وا پێویست دەکات کە هەندێ جار جلەکانــت هاوڕەنگ بن، یــان هەمەڕەنگ بن، دەبێت خۆت ئەندازیار و دیزاینەری جەســتەت بیت لە هەڵبژاردنی ڕەنگدا.

## شێوازەکانی بڕین و چاککردنی پرچ!

خانمان دەبێ زیاد لە پێویست گرنگی بە پرچیان بدەن، چونکە پرچیان تا چەند جوان بێت، هێشتا کەمە پسپۆڕان دەڵێن: جوانترین پرچ ئەو پرچەیە کە لە شــێوەی تاڤگەیەك بچێت، لەسەر سەرەوە بەسەر شانەکان و بەرۆکتەوە بێتەخوارەوە. خانمان دەزانن دوای هەر بڕینێکی پرچ، پێویســتە بۆ ماوەیەك چاوەڕێ بکەن تا پرچیان دێتەوە، پاشان پێویســتیان بە چاککردن و ڕێککردن دەبێت، بۆیە وا باشــە دیسانەوە سەردانی ئارایشگا بکەن و ئەو بەشە زیادەی پرچیان نەشیاو دەکات، چاکی بکەن و بیبڕن.

- بــۆ ئەوانەی پرچیــان کورتە، دەتوانن پرچیان لە شــێوەی شەپۆلی دەریا بێت، هەروەها بۆ ئەوانەی پرچیان تێکەڵ و لوولە، دەتوانن ژێرەوەی لە شــێوەی تەڵ تەڵ دیــار و بەربڵاو بێت، تا جوانتر دەربکەون. هەروەها ئەوانەی پرچیان لووســە، دەبێ دوور بکەونەوە لە شێوەی شەپۆڵ و تەڵ تەڵ، بەڵکو چاکترە بە لووسی و سادەیی بمێنێتەوە.

- ئەوانــەی شــێوەی دەم و چاویان خــڕ و بازنەییە، واچاکە شــێوازی پرچیان کورت و ورد نەبێت، بۆ ئــەوەی گەورەیی و بازنەیی دەم و چاویان بشارێتەوە، دەبێ پرچیان درێژ و بۆڕ بێت، چونکــە پرچی کورت دەم و چاو زیاتر بە دیار دەخات، هەروەها بــۆ ئەوانەش کە باڵایان کورتە، ناکــرێ پرچیان زۆر درێژ بێت، چونکە شێوەی بەژن و باڵایان دەکوژێت.

- دەبــێ ئاگاداری جۆری پرچت بیت، کــە بزانیت چ جۆرە سیشــوار و تەســریحەیەکی لەگەڵدا دەگونجێت، چونکە کاتێك پرچــت خاو بێت، ناتوانیت پرچت کورت بکەیتەوە، بەم شــێوەیە هەردەم پرچت ناڕێك دەبێت و جێگیر نابێت، ئەگەر پرچت بۆڕ و تێکەڵ بوو، چاکترە کورتی ببڕی.

- ئەگەر حەزت بە پرچی درێژە و نیازت وایە درێژی بکەیت، دەبێ ئەوەش بزانی کە پێویســتی بە خزمەت و کاری زیاترە، بۆ ئەوانەش کە پرچیان زۆرە، دەبێ بە وریایی گرنگی بە پرچیان بدەن و تێکی نەدەن، هەروەها پێویســتە کۆتایی پرچــت ڕێك بکەیت و بە شــێوەیەکی یەکســان بێــت، تەنانەت دەتوانــی کۆتایــی پرچت بە تایبەت لە خوارەوە بە شێوەی پایە پایە بێت.





# شەوانەی ڕەمەزان لە کوردستان

وێڕای ئەو نەهامەتییە ئابووری و شەڕ و ناخۆشییەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، کەچی خەڵکی کوردســـتان، شەوانەی ڕەمەزانیان بە خۆشی بەســـەر دەبەن. هەموو ئێوارەیەك خەڵك هەر یەکەو کۆمەڵێك خواردن و شـــیرنەمەنی و شـــتی خۆش دەکڕن و بۆ ماڵەکانیانی دەبەنەوە، لە ماڵیشـــەوە کابان و خانمان چێشـــتی خۆش و بەتام بۆ ئەندامانی خێزانەکەیان ئامادە دەکەن، لە دوای بەربانگیش، گەنجان و لاوان، ڕوو لە شـــوێنە گشـــتییە میللییەکان دەکەن، بە یاری خۆش و بەجۆش، وەك سنی سنیانی، کڵاوێن و دامە و دۆمینە، شەوانەی خۆیان بە خۆشی بەڕێ دەکەن، کچانیش لەگەڵ ئەندامانی ماڵەوەیان ســـەردانی مۆڵ و باخچە و پارکەکان دەکەن، تا ساتێکی خۆش بەسەر ببەن، بۆ پارشێویش، ئەوانەی هەندێك دەخەون، لە خەو هەڵدەستن، ئەوانەشی هەر نەخەوتوون بەرەو دووکانەکانی بەرووبوومی خواردنی بەیانیانی کوردەواری خۆمان دەچن، کە کۆمەڵێك خواردنی کوردەواری هەن لەوانە: پەنیر، ژاژی، لۆر، قەیماغ، سەڵتوو، ماست، ئەســـتوورك و کولێرە بە ڕۆن، هەموو ئەوانە بەردەست دەبن، کە کولێرە و نانـــی گەرم بۆ ماڵ دەبەنەوە و لەگەڵ ئەندامانی خێزان بە یەکەوە پارشـــێویان دەکەن و خۆیان بۆ ڕۆژێکی دیکەی ڕەمەزان ئامادە دەکەن.

# زیرەکترین مرۆڤی سەر زەوی!



پێوانەی زیرەکی، بە پێوەرێکی زانستی پێوانە دەکرێ کە بە (IQ) ناســـراوە، بەهرەی زیرەکی کەســـێکی ئاســـایی لە نێوان (٩٠ بۆ ١٠٠) ئای کیوو دەبێت، هەندێك لەوانەی توانای مێشکیان خێراتر کار دەکات و بیر دەکاتەوە، بەمەش چالاکیی خانەکان زیاتر دەبێت و وەڵامـــی خێرای کار وچالاکییەکان دەداتەوە.
ئەو کوڕە گەنجەی ئێســـتا یەکەمینـــی جیهانە لە زیرەکیدا، ناوی (ترێنس تائۆیە) و لە بواری ماتماتیك لـــە زووترین کاتدا گەورەترین هاوکێشـــەی بیرکاری شـــی دەکاتەوە، ڕێـــژەی زیرەکی ئەو گەنجە دەگاتـــە (IQ٢٣٠ )، کە لە تەمەنی (٩) ســـاڵیدا لە خولێکی ماتماتیکی زانکۆدا بەشـــدار بوو، لە تەمەنی (١٣) ســـاڵیدا توانـــی میدالیا و خەڵاتـــی زێڕینی ئولۆمپیـــادی جیهانـــی ماتماتیك بەدەســـت بهێنێت، لـــە تەمەنی (٢٠) ساڵیشـــدا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی پریسنســـتن وەرگرت و پاشان بۆ ماوەی (٤) ساڵ وەك پرۆفیسۆری ماتماتیك وانەی وتەوە.





# جل و بەرگ لە پەلک و گەڵای دار و بار


زانیومانە کە زۆربەی جل و بەرگ لە پێست و خوری گیانداران و قایش دروست دەکرێن، یان بەشێکی لە بەروبوورمی رووەکن، وەك پەمو، بەڵام وادیارە جلێکی تازە پەیدا بووە، کە هاوشێوەی هەر جلێکی ئاسایی هەموو کەسێك بۆی هەیە لەبەری بکات، بەڵام رەنگە هەندێ کەس قبووڵی ئەوەیان نەبێت کە ئەو جۆرە جلە لەبەر بکەن، ئەو جلە لە بیرۆکەی دیزاینەرێکە بە ناوی (رۆن ئیساکس) کە دوای ئەوەی ویستی سوود لە گەڵا و پەل و پۆپی دار و درەخت ببینێت بۆ دروستکردنی جلێك، دوای چەندین هەوڵدان، لە کۆتاییدا توانی بە ئەنجامی کارەکەی بگات، ئەوەتا چەندین جل و بەرگی پیاوان و ئافرەتانی لە گەڵا و پەلکی دار دروست کردووە، کە بریق و باقی جوانتر و زیاترە لە جلی دیکەش. جێگەی سەیرە کاتێك ئەو جلەت لەبەر بێ، هەست بە قورسایی جلەکە ناکەیت، چونکە کێشی سووکە، لە چاو جلی دروست کراو لە پێست و قوماش.

# شاشەی تەلەفزیۆن بۆ دواوەی ئۆتۆمبێلەکان

زۆربەمان لە کاتی شوفێری و تێپەڕبوون لە شەقامەکاندا گرفتمان هەیە تا لە ئۆتۆمبێلەکەی پێش خۆمان رەت دەبین، بەتایبەت ئەگەر ئۆتۆمبێلی پێش خۆمان بارهەڵگر و گەورە بن، هیچمان لێ دیار نابێت، تەنانەت زۆرجار ئەو حاڵەتە بۆتە کارەسات و پێکدادانی لێ کەوتۆتەوە و بە زەرەر و زیانی ماددی و گیانی کۆتایی هاتووە، گەورە کۆمپانیای سامسۆنگی کۆریا، بیری لە چارەسەری بۆ ئەو گرفتە کردۆتەوە، لە پرۆژەیەکی ئەلیکترۆنی تازەدا، ئەو کۆمپانیایە هەڵساوە بە دانانی شاشەی گەورە لە دواوەی ئوتۆمبێلە بارهەڵگرەکان، کە لە پێشەوەی ئەو ئوتۆمبێلانەش کامێرا بەستراوە، وێنەی پێش ئوتۆمبێلە بارهەڵگرەکە لەسەر شاشەکەی دواوە راستەوخۆ نیشان دەدات، بەمەش شۆفێری دواوەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە لە هەبوونی ئوتۆمبێل یان نا، تا وەکو بتوانێ بە ئاسانی تێپەڕ ببێت.



## پەند و وتە



**- مـــارك توين بۆ درۆ و درۆزنـــەكان، وتەیەكی نایابی هەیە و دەڵێ :**

- هەرگیـــز لەگـــەڵ درۆزن و ئەوانـــەی درۆ دەكەن گفتوگـــۆ مەكە، چونكـــە بە بـــێ بنەما وەڵام دەدەنـــەوە. هەروەها هەرگیز پرسیار لە درۆزن مەكە، بەوەی كە بۆچی درۆی كردووە، چونكە بە درۆیەكـــی دیكە وەڵامت دەداتەوە.



## ئەو منداڵە بۆ لە ناو شووشەیە؟

ئەوەی ئەو وێنەیە ببینێت، وادەزانێت ئەو منداڵە بە زۆر خراوەتە ناو ئەو شووشـــەیە، بۆیە هەســـت و ســـۆزیان دەجووڵێت و پێیان ناخۆشـــە و دەپرسن: ئاخۆ بۆچی ئەو منداڵە خڕپنەیان لەنێو ئەو شووشەیەدا داناوە؟ وەكو ئەوە وایە كە ئامێرێك بێت بۆ ئازاردانی منـــداڵ، كەچی ئەوە بیرۆكەیەكی هەڵەیە، چونكە ئەوە كارێكی پزیشـــكییە و ســـەرەتای بیرۆكەیەك بوو، لـــەو كاتەی منداڵان دەخرێنە ژێر تیشكی پشكنین (X-RAY) چونكە ئەو تیشكە كاریگەری خراپی هەیە لەســـەر كەسانی دیكە، هەروەها كاتێك منداڵ لە ژێر پشـــكنین دەبێت، ناوەستێت و هەر جووڵە دەكات، بەمەش ناتوانن تیشـــكەكە وەربگرن، بۆیە ئەو ئامێرەیان داناوە تا منداڵەكە بە جوانی بوەســـتێ تا ئەو كاتەی پشكنینی تیشكی بۆ دەكرێت.

## تابلۆ

**- بەربووك**

بە جوانترین بەرهەمەكانی وێنەكێشـــی ئیســـپانی (دیەگۆ ڕۆدریگیز فیلاســـكیز) دادەنرێ، كە ساڵی (١٥٩٩) لە شاری سیڤیلای ئیســـپانی لە دایك بووە و ساڵی (١٦٦٠) لە شاری مەدرید كۆچی دوایی كردووە. ئەو وێنەی لە ســـاڵی (١٦٥٦) كێشاوە، كە وێنەیەكە باس لە چەند كیژۆڵەیەكی بچووك دەكات، خۆیـــان ئامادە دەكەن تا لە نزیك بـــووك بن، واتە بەربووك بن، هەر یەكە لە خۆی دەڕوانێت و جوانی خۆی نیشان دەدات، ئەو وێنەیەی لە كۆشكی كازار لە شاری مەدرید كێشاوە، لەو كاتە كە یەكەمین وێنەكێشی شـــای فیلیبی شەشەم بووە، هەروەها سەرۆكی پێشوازیكردنی میوانانی كۆشك بووە.





**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ماوەیەكە پێداگیری لە هەنگاوەكانت دەكەیت، ئەوەندە زیاد لە پێویست متمانە بە هەموو كەسێك مەكە، چونكە ڕۆژێك دێ ئەو متمانەیە بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە. دڵگران مەبە بۆ كێشەكانت و كاتێك نهێنییەكت هەیە لەلای كەسێكی بە متمانە باسی بكە، تا چارەسەرت بۆ بدۆزێتەوە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

كەسێك ڕێگری لە ئاواتەكانت دەكات، مەهێڵە ببێتە هۆی سست بوونی كارەكانت. ئەو شێوازەی ئێستات گونجاوە تا كارەكانت جێبەجێ بكەیت، هەوڵبدە لە خاڵە ناكۆكییەكانی نێوان خۆت و خۆشەویستت بگەیت و چارەسەریش بۆ گرفتی ڕەشبینیت بدۆزەوە.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەوەندە گرنگی بە كەسێك مەدە كە قەدری ئەو گرنگیدانەت نازانێت، هەست بە بێزاری دەكەیت و ئەوەش پێویستی بە كاتە تا كەمتر دەبێتەوە، كەسێكی نزیكت هەوڵدەدات لێت نزیك بێتەوە و ئامانجێكی لەگەڵ تۆدا هەیە، بیركردنەوەت بۆ ڕۆژانی ئێستا گونجاو نییە و بە بیركردنەوەتدا بچۆوە.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هەر هەنگاوێك پێویستی بە پێشبینی سەرەتاییە كە بزانی لە دواتر چ ڕوودەدەن. بە جددییەتی زیاترەوە بایەخ بە كاروباری خۆت بدە. كەسایەتیت شیاوە و ماوەیەكە شێوازی بیر كردنەوەت باشتر كردووە. لە مامەڵە و بازرگانی مەترسە، باری دارایی و داهاتت باشتر دەبێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بوێربە لە بڕیارەكانت، چونكە پێویستیت بە هەنگاوێكە تا جێبەجێیان بكەیت و هەمیشە بیركردنەوەت بەرەو گەشبینی ببە. كەسێكی نزیكت نیازی هەیە هاوكارت بێت لە كارەكانت، بەڵام مەبەستێكی هەیە و دەیەوێ لێت نزیك بێتەوە، ئاواتەكانی داهاتووت پشتگوێ مەخە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەگەر بەم شێوازە بیر بكەیتەوە، ڕەنگە زۆر شت لە دەست بدەیت، چونكە ماوەیەكە بە بێ هۆكارێك دژایەتی كەسانی دەوروبەرت دەكەی. ئەوەش زیانی بۆت هەیە. ئەو هەنگاوانەی ئێستات پێویستیان بە پشتگیری كەسێكە تا جێبەجێ ببێت، هیوایەك لە دڵت هەیە، لەم ماوەیە بۆت دێتەدی.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لە خۆتەوە بڕیار مەدە، سەرەتا بیری لێ بكەوە و ئینجا جێبەجێیان بكە. ئەو شێوازەی كاری ئێستات جێگیرە و لە سەری بەردەوام بە. كێشەیەكت لەگەڵ كەسێكی نزیكت هەیە و چارەسەر دەبێت. كەسێكی شیاو پێشنیاری كارت پێدەكات، پێكەوە بڕیاری هاوبەش بدەن تا سەركەوتوو بن.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەندێ جار بیركردنەوەكانت ئەنجامی باشیان دەبێت، بەڵام جار جارەش پێویستیان بە گۆڕانكاری هەیە. كەسایەتیت شیاوە تا لە نێو كەسانی دیكەدا خاوەن قسە و پێگەی خۆت بیت. هەمیشە داكۆكی لە مافت بكە و هەنگاوەكانت فەرامۆش مەكە، لە ڕەشبینی دوور بكەوە.



# ماناى خەون

## ون بوون

هەندێ خەونى ناخۆش هەن، کە تیایدا، هەست دەکەیت ون بووى و کەسیش نییە هاناى بۆ ببەیت و کەسیشت لێ دیار نابێ، خەونێکى ناخۆشە و بەسەر زۆربەماندا هاتووە. با بزانین ون بوون ماناى چییە لە خەودا ! ئەو کەسەى هەست بکات ون بووە لە خەودا، ماناى وایە بەختى نییە، هەروەها ئەگەر کارێك بکات، بۆى نابێت و سەر ناگرێت، ئەگەر لە خەودا بە دواى کەسێکى ون بوودا دەگەڕێیت، ماناى ئەوەیە پێویستیت بە کەسێکە کە لێت نزیك بێت، بەڵام تا ئێستا نەتدۆزیوەتەوە. ون بوون لە خەودا لە نێو تاریکدا، واتە بەرەو کێشە و گرفت ڕێگە دەگرێ، ئەگەر شوێنەکە ڕووناك بێت، ماناى وایە ئەو کارەى لەم ماوەیەدا دەیکەیت بۆت نابێت.



# بۆ زانیاریت

## - (DNA) -


زۆر جار باسى (DNA) دەکرێت و ڕەنگە زۆربەمان زانیاریمان لەسەر نەبێت، تەنانەت هەندێ جاریش کەسێکى مردوو، لاشە و جەستەى شێواوە، دەتوانن بە ڕێگەى (DNA) بزانن ئەو کەسە کێیە و دەستنیشانى بکەن، با بزانین (DNA) چییە !

(DNA) یان (LDNA) بریتییە لە کۆمەڵێك گەردیلەى زیندوو، کە ڕێنمایی جیینەکان لە خۆ دەگرێ، کە ماناى بەرەو پێشچوون و گەشەکردنى بایۆلۆژى بۆ هەر گیاندارێکە، هەروەها زانیارى بۆمایی تەواوى تێدایە تا هەموو چالاکییەکانى زیندوویی بۆ هەر گیاندارێك جێبەجێ بکات. مێژووى دۆزینەوەى ئەو ترشەلۆکە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵى (١٨٦٩) لەلایەن زانیایەکى سویسرى بە ناوى (فریدریك میسیشتر) کە توانى چەند ماددەیەك لە ژێر مایکرۆسکۆپدا بدۆزێتەوە کە بە (نووین – نیوکلین) ناسراوە، کە لە نێو پێکهاتەى ناوەکیدا هەیە. دواتر لە ساڵى ١٩٢٩ لەلایەن (فیبى لیفنى)، توانى پێکهاتەى سەرەکى (DNA) دیارى بکات کە کۆمەڵێك ناوەکى جێگیرە.




## نوکتە

یەکێك تا سەرنجى خەڵك ڕابکێشێ، هەڵسا دووکانێکى پێڵاوێکى دانا، لەسەر دووکانەکى نووسیبوو : تاکێك بکڕە و تاکێکیش بە خۆڕایی وەربگرە !



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە زۆربەى کارەکانت کاتێك دەگەیتە کۆتایی، لێت تێکدەچێ، هەر بۆیە لە زۆربەیان پەشیمانیت پێوە دیارە. ئاواتێکى چەندەها ساڵەت لە دڵە، بەم زووانە بۆت جێبەجێ دەبێت، پێویستیت بە کەسێکە تا لە بیرکردنەوەت بگات، داهاتووت بەرەو باشى و چاکبوونەوە دەچێت.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕیز لە هەستى کەسى بەرامبەرت بگرە و ژیرانە ڕەفتار بکە لەگەڵ ئەو کەسانەى کە تازە دەیانناسیت. لەم ماوەیەدا کارەکانت پشتگوێ مەخە و گرنگى تەواویان پێبدە، خاوەن کارەکەت ڕێز لە ماندووبوونت دەگرێت و پلەت بەرز دەبێتەوە. بەڵام نهێنییەکانت بۆ هەموو کەس مەدرکێنە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بەهۆى چەند کێشەیەکتەوە زۆربەى بیرکردنەوەت بەرەو ئەنجامى نەخوازراو ڕێگەیان گرتووە، هەوڵبدە کەسێکى شیاو بێتە ناو ژیانتەوە، پێویستە ژیانت بگۆڕى چونکە بەم چەشنە بۆت ناچێتە سەر، کەسێك چاوەڕێتە و دەیەوێ هەنگاوى بۆ بهاوێژیت، بڕیارەکانت لە کاتى خۆى بدە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەو کەسەى دەیەوێ لێت نزیك بێت، نیازى پاکە و بەرژەوەندى تۆى دەوێت. گرفتێکت هەیە کە لە کاتى خۆى کارەکانت جێبەجێ ناکەیت و فەرامۆشیان دەکەیت، کاتت پێویستە تا بە جوانى ئامانجەکانت جێبەجێ بکەیت، هەمیشە بڕیارى شیاو بدە، بەرامبەر داهاتووت گەشبین بە.